**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ١٦١١ لە ٢٠٢٠/٢/١٩**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی کە پێمـان دراوە لە مـاددەی (٥) لە یاسـای وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارماندا :-

بە لێکترازانـی ڕێکارەکـانی هـاوردەکردن وگواسـتنەوەی بنەتـۆی پەتـاتە لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی باخـداری و دارسـتان و پـاوان و بەسـتنەوەی بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تـوێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی / بەڕێوەبەرایەتی بـنە تـۆ و پەسـەند کردنـی بـنە تـۆ هەر وەک لە ڕێنمـایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ بڕگەی (٦) وە ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٥) داهاتووە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**بێگەرد تـاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کارەبا**

**ژمارە: ١٥٣٤ لە ٢٠٢٠/٢/٢٦**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی کە پێمـان دراوە لە یاسـای وەزارەتـی کارەبـا ژمـارە (٥) ی سـاڵی ٢٠٠٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :-

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

١- لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە ناونیشانی خشتەی ژمارە (٤)ی ڕێنمـایی ژمـارە (١ی سـاڵی ٢٠١٩ بۆیە بەپێویست زانرا ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بێت :
**خشتەی ژمارە (٤)**
**بڕی کەمترین ڕێپیدانی دووری لەسەنتەری هێلی کارەباوە .**

٢- ئەم بەیانە جێبەجـێ دەکرێـت لە ڕۆژی دەرچـوونی و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوەی .

**ئەندازیار / کمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**